


دیمانە 30/09/2020 - 03:41

# ئالان حەمە سەعید: پەنابردن بۆ سیستمی ئەلیکترۆنی ناچارییە

(سبەی):

وەزیری پەروەردەی هەرێم، رایدەگەیەنێت: ستراتیژی حکومەت و وەزارەتەکەیان خوێندن نیە بە ئەلیکترۆنی، بەڵام گەڕاندنەوەی تەواوی خوێندکاران و مامۆستایان بۆ هۆڵەکانی خوێندن ریسکێکی گەورەیە.

ئالان حەمە سەعید، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ (سبەی) وردەکاری بڕیاری دەستپێکردنەوەی خوێندن و خوێندنی ئەلیکترۆنی روون دەکاتەوە و دەڵێت: "پێویستە ئەوە بزانین لە دۆخێکی زۆر نائاسایداین لە روی تەندروستیەوە، لەو سۆنگەیەوە بڕیار لەبارەی خوێننەوە دەدەین و ئەمساڵ خوێندنی ئەلیکترۆنیشمان کردوە بە ئیلزامی". لەبارەی گردبونەوە و بایکۆتی مامۆستایانیشەوە دەڵێت: دڵنیام لەو دۆخە گشتگیرە تێ دەگەن کە لەهەرێمی کوردستان هەیە و ئیمکانیاتی دارایی حکومەت بەو شێوەیە کە دەیبینین.

**دەقی دیمانەکە:**

**بڕیار نامیق**

*** ئامادەکارییەکانی ئێوە چییە بەتایبەتی بۆ ئەمساڵ کە خوێند بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە قۆناغ بە قۆناغ دەستپێدەکاتەوە؟**

ئالان حەمەسەعید: ئێستا کە لە سلێمانییەوە ئەم دیدارە ئەنجام دەدەین، لە قوتابخانەیەکین کە ئەمڕۆ کردومانەتەوە بە فەرمی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بودجەی ملیارێک و (400) ملیۆن دینار و دو قوتابخانەی دیکەشمان لەم سنورە کردوەتەوە، ڕەزامەندیش دراوە لەسەر خەرجکردنی (540) ملیۆن دینار بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆپارێزی و تەندروستی بۆ گشت ناوەندەکانی خوێندن بۆ کڕینی ماسک و گەرمیپێو و پاکژکەرەوەی دەست کە بۆ ئەو قۆناغانەی خوێندن پێویستە بەتایبەتی قۆناغی (12) و قۆناغەکانی یەک و دوی بنەڕەتی کە کە خوێندنیان بە شێوازی ناو پۆلە. ئەوەی کە لەسەر وەزارەتی پەروەردەیە لەروی دابینکردنی ئەو پێداویستییانەوە دابینکراوە و دابەشکراوە بەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەمو پارێزگاکانەوە و خوێندنی کوردی لە کەرکوکیش.

لە رویەکی دیکەوە ئەوەی کە ئەمساڵ پرۆسەی خوێندن تێیدا دەگوزەرێت ئەوەیە کە خویندن رەهەندێکی تەندروستی هەیە ئێمە نەمانتوانیوە هەمو خویندنگاکان لە هەرێمی کوردستان بکەینەوە بۆ هەمو قۆناغەکان بۆ نمونە ئەگەر پۆلێک (50) قوتابی تێدا بێت جیاوازە لەوەی هەر خوێندکارێک لەسەر یەک رەحلە دابنیشیت و نیوانیان هەبێت بەپێی رینماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، قۆناغی (12) لەبەر ئەوەی قۆناغێکی چارەنوسساز و گرنگە ئەوانەمان بردوەتەوە بۆ ناوەندەکانی خویندن پۆلی یەک و دوی بنەڕەتیش لەبەر ئەوەی هێشتا ئاشنا نەبون بە ژینگەی قوتابخانە و پێویستیان بە پاڵپشتی زیاتر هەیە، بۆیە بڕیاردراوە ئەوانیش بچنەوە ناوەندەکانی خویندن، گوندەکان و ئەوناوچانەیشی دورە دەستن و هێڵی ئینتەرنێت پییان ناگات بڕیاردراوە ئەوانەی کە قوتابیان کەمە دەسەڵات دراوەتە بەڕێوەبەر گشتییەکانی پارێزگاکان لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەکاندا کە بەدواداچون بکەن لە کوێ هێڵی ئەنتەرنێت ناگات و ئەزانن کە گوندێک گرفتی ئەوەی هەیە قوتابیەکانیان کەمە دەوامی ئاسایی خۆی تێدا بکات.

**٭ ڕەخنەیەکی زۆر لەسەر خوێندنی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی هەیە، ئێوە پێتانوایە سیستمی ئەلکترۆنی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت جێگای هۆڵەکانی خوێندن بگرێتەوە؟**

ئالان حەمەسەعید: دەبێت ئەوە بزانین کە لە حاڵەتێکی ئاساییدا نین و دۆخەکە زۆر نائاساییە، ڕێژەی ئەوانەی کۆچی دوایی دەکەن بەداخەوە لە کوردستاندا لە ڕۆژێکدا گەیشتوەتە (33) کەس ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە واتا لە سەعاتێکدا کەسێک بەهۆی کۆرۆناوە گیان لەدەست دەدات. ئەبێت ئێمە ئاگامان لەمە بێت، ڕۆژانە بە سەدان کەس لە کوردستاندا توشی کۆرۆنا دەبن و (33٪)ـی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیش لەم ناوەندانەی خوێندنن لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە قۆناغی (12)ـی ئامادەیی و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە کە ملیۆنێک (800) هەزار قوتابین. جگە لەوەش (130) هەزار مامۆستای میلاک و (17) هەزار مامۆستای وانەبێژ و هەزاران فەرمانبەر هەن کە لەناو قوتابخانەکان دەوام دەکەن ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان شەش ملیۆن کەس بێت تۆ دەبێت دو ملیۆن کەسی ببەیتەوە بۆ ئەم ژورانە و ئەم ژورانەیش مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانی خەڵک دروست دەکەن.

زۆر دەوڵەت ئەمەیان کردوە و ئێستا بە جۆرێک لە جۆرەکان ژمارەی توشبوانی کۆرۆنا و گیان لەدەستدانیان زیاد بوە و ناچارن یان پۆلێک یان قۆناغێک یان قوتابخانەیەک دابخەن، لە زۆر شوین ئەمە کراوە، بۆیە ناکرێت ئەم هەمو مامۆستایە بخەینە بەردەم ئەو مەترسییەوە، ئەگەر منداڵ نیشانەکانی بە کەمی تێدا دەربکەوێت، مامۆستاکان بەو شێوەیە نین، با ماسکیش دابین کرابێت، بەڵام پۆلەکان ژمارەیەکی زۆری قوتابی تێدایە و ژێرخانی پەروەردەیمان بەو جۆرەیە قوتابخانەمان هەیە سێ دەوامی تێدایە قوتابخانەمان هەیە لە پۆلێکدا سەرو (50) قوتابی تێدایە و لەسەر ڕەحلەیەک دو قوتابی بە تەنیشت یەکترەوە دادەنیشن بە ماسکیشەوە دابنیشن هەناسەکانیان و بەریەککەوتنەکانیان تێکەڵی یەکتر دەبن، واتا یەک مامۆستا لە یەک قۆناغدا ئەگەر توشی ڤایرۆسەکە ببێت لانی کەم سێ هەفتەی پێویستە بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە.

**٭ بەڵام دەوترێت ئەزمونی ساڵی ڕابردو کە لە کۆتاییەکەیدا خوێندن بە ئەلکترۆنی کرا پرۆسەکە سەرکەوتو نەبو، بەپێی هەڵسەنگاندنەکان و دەرئەنجامەکانی دەرچونی ساڵی پار ئەم پرۆسەیە سەرکەوتو بوە لای ئێوە؟**

ئالان حەمە سەعید: ئێمە نەمانوتوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، دو شت

هەیە بۆ ئێمە گرنگە باسی بکەین، یەکەم پلاتفۆرمێکی گەورەمان دروست کردوە، ساڵی پار خوێندنی ئەلیکترۆنی ئیلزامی نەبو وەک قۆناغی پاڵپشتیکای رامانگەیاند، بەڵام ئەمساڵ قۆناغێکی ئیلزامییە.

دوەم؛ ئێمە ساڵی رابردو (11) رۆژ سیستمەکەمان بەرکار کرد لەبەر ئەوەی بڕیارماندا کە کۆتایی بە ساڵی خوێندن بێنین بۆ پۆلە ناکۆتاکان و وەرزی یەکەمیان بۆ وەرزی دوەم بۆ ئەژمار بکەین کە وەرزی یەکەممان بۆ دوەم بۆ حساب کردن نەمانتوانی تاقیکردنەوەیان بکەین. ئەوکاتە سیستمەکە ئۆتۆماتیکی دەوەستێت لە ماوەی (11) رۆژدا (700) هەزار قوتابی و مامۆستا لە هەرێمی کوردستاندا داخڵ بەو سیستمە بون و قوتابیەکان بینەری وانەکانی خۆیان بون، ئیتر بە ریژەی جیاواز هەیە (100٪) هەیە (78٪) وانەکانی بینیوە کەمتری بینیوە و بەرکەوتنیش لەنێوان مامۆستایان و قوتابیاندا هەبوە.

زۆرترین رێژەی بەکارهێنانی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی لەسەر ئاستی هەر پێنج بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە لەسەر ئاستی سلیمانی بوە، بەڵام من ئەمەویت رونکردنەوەیەک بدەم بۆ ئەوەی خەڵک بە هەڵەدا نەچن دۆخەکەمن دۆخێکی ناچارییە، بە تکاوە لەم دۆخە تێبگەن، ئێمەیش حەزمان لە خویندنی ئەلیکترۆنی نییە کە بمانەوێت بیکەینە جیگرەوەی ناوپۆل نە روئیامانە نە ستراتیژمانە، بەڵام لە دۆخێکی وادا کە ئێمە نەتوانین دەرگای قوتابخانەکان بکەینەوە و بە کردنەوەی مەترسی گەورە دروست دەکەین.

من وەک وەزیری پەروەردە ناتوانم بەرپرسیاریتی ئەوە لە ئەستۆ بگرم کە بە کردنەوەی هۆڵەکانی خوێندن بەبەرچاوی خۆمانەوە مامۆستاکانمان گیان لەدەست بدەن و شوێنیش نەبێت لە نەخۆشخانەکان دایان بنێین، رەنگە ئەم بیرۆکەیە بە تەواوی نەگەیشتبێتە هاوڵاتیان یاخود بەپێی پێویست رونمان نەکردبێتەوە ئەویش ئەوەیە قوتابی بە تەواوی دابڕاو نییە لە مامۆستا، قوتابی وانەکانی بە ئەلیکترۆنی دەبینێت کە وانەکانی دەبینیت بە گروپێک کە مامۆستایەک سەرپەرشتی دەکات و هەر پۆلێک بەسەر پێنج بۆ شەش گروپدا دابەش دەکات و ئەم قوتابی و مامۆستایانە دانابڕێن گروپەکان دەچنەوە بۆلای مامۆستاکان و بەپێی سەعاتەکان گروپەکان وانەکان وەردەگرن.

ئەمەی کە دەگوزەرێت کاتییە مەبەستمان پاراستنی مامۆستایان و قوتابیانە بەسەر ناوەندە حکومی و ئەهلییەکانیشدا جیبەجیی دەکەین، بابەتەکە وابەستە نییە بەسەر هیچ بابەتێکی دیکەوە کە مامۆستا پێی وابێت ئێمە بمانەوێت خوێندی ئەلیکترۆنی شوێنی خوێندنی ناو پۆل بگرێتەوە.

**⁕ خوێندنی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ دو قەیران، قەیرانیکیان موچەیە و ئەویدیکە کۆرۆنا، لە کاتیکدا خوێندنی ئەمساڵ کرایەوە لە سنوری پارێزگای سلێمانی بەشێکی زۆری مامۆستایان گردبونەوە و بایکۆتی هۆڵەکانی خویندنیان کرد و داوای ماف و شایستە داراییەکانی خۆیان دەکەن، ئەمەش کاریگەری نابێت لەسەر پرۆسەی خوێندن چۆن داوا لە مامۆستایان دەکەن دەوام بکەن لەکاتێکدا دۆخی موچە بەو شێوەیەیە؟**

ئالان حەمە سەعید: دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان هەمو لایەکمان دەیزانین بە چ شێوەیەکە، مامۆستایانی کوردستانیش ئەو لایەنەن کە پێویستە زۆرترین خزمەت بکرێن و ئێمە وەک وەزارەتی پەروەردە خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین بەرامبەر بە خزمەتکردنی مامۆستایان و ئەوانە کۆڵەکە و بناغەی هەمو بابەتەکانی دیکە و هەمو سێکتەرەکانی ژیانن، پزیشکەکان لەسەر دەستی ئەوان پێدەگەن ئەندازیارەکان پارێزەرەکان هەمو ئەوانی دیکە هەتا ئەوانەی کە مامۆستایشن جارێکی دیکە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە لەبەر ئەوە ئێمە تەقدیری ئەو دۆخە ناخۆشەیان دەکەین، بە تایبەت لە هەمو ئەو دۆخە ناخۆشانەی چەند ساڵی رابردوش، بەڵام سلێمانی پێشەنگە لە بواری پەروەردە سلێمانی بە هیممەتی مامۆستاکانی پرۆسەی پەروەردە سەرپێی خۆی دەکاتەوە من دڵنیام مامۆستاکان بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن دۆخێکە گشتگیرە.

بەپێی هەندێک زانیاری سەرەتایی تا ئەمرۆ لە عێراق چەندین رۆژە موچە دواکەوتوە لە حکومەتی فیدراڵیش هەمان قەیران هەیە و ئەوەی کە هەیە دۆخێکی گشتگیرە کە لە کوردستان هەیە.

**⁕بەڵام مامۆستایان دەڵێن؛ موچەمان دەوێت؟**

ئالان حەمە سەعید: راستە، هەمو فەرمانبەرانی کوردستان هەمو مامۆستایانی کوردستان لە دیدە یاساییەکەیەوە و بە گوێرەی یاسا و مافەکانی خۆیان هەمو فەرمانبەرێک دەتوانیت داوای موچەی خۆی بکات و بڵێت من موچەم دەوێت، بەڵام ئێستا توانای دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرەیە کە هەمو لایەکمان دەیبینین، واتا تەنها کەرتی پەروەردە نییە و سەبارەت بە هەمو وەزارەتەکانی دیکە موچە بەو شێوەیەن موچەی وەزارەتی دیکەش نەدراوە تاوەکو وەزارەتی پەروەردە موچەکەی فەرامۆش بکرێت و نەدرێت و وەزارەتێکی دیکە درابێت. کۆی گشتی موچەی موچە خۆرانی هەرێمە کوردستان بەمجۆرەیە لە ئێستادا.

لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمو هەنگاوێکمان ناوە و جۆرێک لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەغدا دروستبوە لەسەر بنەمای ئەوەی چۆن بتوانین ئەم قۆناغەی ئێستا دەرباز بکەین تا کۆتایی ساڵی (2020) و لەسەرەتای ساڵی (2021) بنەمایەکی یاسایی دابنرێت بۆ شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، حکومەت هەمیشە پابەندبونی خۆی راگەیاندوە ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵ پابەند بێت بەو ئلتیزاماتانەی لەسەریەتی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان. ئومێد دەکەین لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر بکرێت حکومەتی عێراق پابەندییەکانی هەبێت دۆخەکە باشتر بێت و ئاسایی ببێتەوە.

*** ئەگەر ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکرێت؟**

ئالان حەمە سەعید: ئێمە وەزارەتی پەروەردەین، ئێمە وەزارەتی سزا نین، ئێمە وەزارەتێکین ئەزانین کە پرۆسەی پەروەردە لەسەر شانی مامۆستاکانمانە، حکومەت بە سینگی فراوانەوە مامەڵە لەگەڵ بێتاقەتی و بێزاری و گلەییەکانیش دەکات هەمو ئەو شتانەی کە لە مامۆستایانی ئێمە نارەزایەتییەکیان هەبێت یان گلەییەکیان هەبێت رەخنەیەکیان هەبێت ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستانین خۆمان بە بەرپرس دەزانین بەرامبەر بە خەڵکی خۆمان لەبەر ئەوە گلەیی مامۆستایان و رەخنەکانیان تێدەگەین و روئیای حکومەتی هەرێم ئەوە نییە کە نە زیان بە فەرمانبەرەکانی بگەیەنێت نە زیان بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت.

لە پای هەر رەخنەیەک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من داوا لە مامۆستایان دەکەم منداڵانی ئێمە و منداڵانی سلێمانی لەبەردەم قۆناغێکی چارەنوسسازدان بە تایبەتی قۆناغی (12)ـی ئامادەیی ئەرک و بەرپرسیاریتی هەمو لایەکمانە لەم سات و کاتەدا بەدەمیانەوە بچین لەناو ناوەندەکانی خوێندن بۆچونی منیش ئەوەیە کە مامۆستایانی ئەم سنورەش لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییە مێژوییەدان وەک ساڵانی رابردو.

*** دەوترێت هاوشێوەی کەرتی تەندروستی و کارەبا، کەرتی پەروەردەش خەریکە دەبێت بە کەرتێک تایبەت واتا خوێندنگا و پەیمانگای زۆر کراونەتەوە بە نرخی گران، ئایا ئەمە ستراتیژی ئێوەیە؟**

ئالان حەمە سەعید: ئەم قوتابخانەیەی تێیداین، سێیەم قوتابخانەی حکومییە کە ئەمرۆ بە ئامادەبونی پارێزگاری سلێمانی و یەکە ئیدارییەکان کردومانەتەوە

لە سنورەکە، هەفتەی پێشوش لە هەولێر بەردی بناغەی قوتابخانەیەکی دیکەمان داناوە هەفتەی ئایندە ئەکرێت قوتابخانەیەکی دیکەیش بکەینەوە. لە سلێمانی چەندین قوتابخانەی دیکەمان ئامادەیە بۆ کردنەوە. ئەمە روئیای حکومەتە بۆ ئەوەی کەرتی خوێندنی حکومی گەشە پێبدەین.
بە هیچ جۆرێک کەرتی ئەهلی پێشەنگی کەرتی حکومی نابێت، ئێمە ئاراستەی خۆمان ئەوەیە کە زۆرترین قوتابیمان لە کەرتی خویندنی حکومییەوە بێت، بەڵام وەک وەزارەت بەرپرسین لە هەردو کەرتەکە.